**لەپەراوێزی بەیاننامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا:**

# سەرکوت و فریودان، ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان خامۆش ناکاتەوە

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

2006/8/13 سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەبەستی بەرگرتن بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان کۆبۆوە .بەدوای کۆبونەوەکەدا بەیاننامەیەکی لەژێرناوی پێکهێنانی چوار لیژنە بۆ دۆزینەوەوچارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیان پەسەند کرد، کەپاشان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتیدا بڵاوکرانەوە.

بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبۆ چارەسەری کێشەکانی ئێستا و داهاتوی خەڵکی کوردستان لەوانە کێشەی ئاو کارەباو سوتەمەنی وکەمی موچەو گرانی و کرێ خانوو... وەدابینکردنیان، چوار لیژنەیان پێکهێناوە.

هاوکات لەپەیوەند بە خۆپیشاندانی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا بۆ خواستە سەرەتاییەکانیان، وێڕای ئەوەی پێداگری دەکات لەدابینکردنی ئازادیە سیاسیەکان، خۆپیشاندانی ڕێپێدراو!! و پاراستنی ئەم خۆپیشاندانانە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، هاوکات بریارێدا بە قەدەغەکردنی هەر خۆپیشاندانێك لەکات و شوێنی ڕێپێنەدراودا، وە لێپرسینەوە لەوانەی سەرپێچی دەکەن و ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر دام ودەزگاکان و موڵکی حکومەت....

ناڕەزایەتیە زنجیرەیەکانی خەڵکی کوردستان، خەریکە پێ دەنێتە دەورەیەکی تازەوە، دەورەیەك کەلەلایەکەوە ڕەوتی فراوانبونەوەو سەراسەری بونەوەو هەڵکشان دەپێوێت، لەلایەکی تریشەوە شێوازی ڕێکخراوبونی بەرزتر بەخۆیەوە دەگرێت، دەیان لیژنەو کۆمیتە کارەکانیان لێکهەڵدەپێکن.

لەتەرەف بەرامبەریش دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی بەپێ ی تایبەتمەندی خۆیان لەجێگای گرتنەبەری دەیان ڕێگە بۆ وەڵامدانەوە و گوێگرتن لەخواستەکانی خەڵك و ڕابەرانیان، ڕێگەی مایەی پوچی سەرکوت( گوللە باران کردن، زیندان و شکنجەو ئیختیتاف، تانەوتەشەری سواوی بێمایە...) بەدەستەوە دەگرن، و لەساڵ و نیوی ڕابردودا چەندین کەس کوژراون، بەدەیان بریندار بوون و بەسەدان کەسیش ڕەوانەی زیندانەکان یان ناچار بەخۆشاردنەوە کراون وە بەسەدانی تریش هەڕەشەیان لێکراوەو لەبەردەم هەڕەشەدان.

سەربای ئەوەی ئەم زۆری چەکە وەڵامی دەسەڵاتی کوردیە بەخۆپیشاندان و خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەوێنەی هەر دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانەی چاوچنۆك و قازانجپەرست و دیکتاتۆر، چەکی فریوو گێژکردنی خەڵکیش لەڕێگای دانی دەیان وادەو بەڵێنی ئارایشکراودا، بەدەستەوە دەگرن.

بەیاننامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە لەژێر گوشاری ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و ڕێرەوی فراوانبونەوەیەکدا کەڕۆژ بەڕۆژ شارەکانی کوردستان دەگرێتەوەو ئیبتکاراتی تازەو ڕێکخراوتر بەخۆیەوە دەگرێت، ناچار بووە دەست بۆ ئەم چەکی فریوە ببات، تالەڕێگای پێکهێنانی چەند لیژنەوە کەبریارە چاو بەکێشەی هاوڵاتیاندا بخشێننەوە،و بەڵێنی چارەسەری کێشەکانی ئێستاو داهاتوو بەخەڵك بدەن، دەیانەوێ ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان ئیحتیوا بکەن.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەرپرسانی ئەم دوومیلیشیایە، کە 15 ساڵە بەئاشکراو بێپەردە دەستیان ناوەتە بینەقاقای خەڵکی کوردستان و داهات و پاروی بێبەشانی کومەڵگای کوردستان هەڵدەلوشن، تیرۆری ئابوری کۆمەڵگا دەکەن، دەیانەوێ بەپێکێهنانی چەند لیژنە لەدزانی میلیشیاکانیان، خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ناڕازی سەرشەقامەکان و ناوکارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان ڕەوانەی ماڵەوە بکەنەوە، وچاولەدەستی لێکوڵینەوەی لیژنەکانیان

بکەن، و بەم شێوەیە لە پاڵ سەرکوت و گرتن و ڕاوەدوونانندا ئەم درۆیانە چەند بارە بکەنەوە کە بەر لە 15 ساڵ پێش ئێستا بەخەڵکیان ئەدا.

ئاخر زیاتر لەپانزە ساڵە ئەم دوودەسەڵاتە بەڵێن ئەدەن، خەڵکی بەڵێنەکانی یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی 1992 یان لەبیرە، بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیان لەبیرە، بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیان لەدەورەی دوای بەعسدا لەبیرە، ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی خرۆشاوی ڕانیەو هەڵەبجەو کەلاروسلێمانی و ئاکرێ.. دران لەبیرماوە، نەك هیچ کام لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکران، بەڵکە بەشاهیدی هەموو کەسێك، 15 ساڵ لەمەوبەر کارەبا لە ئێستا باشتر بوو، ئاو و سوتەمەنی، ڕێگاوبان لە ئێستا باشتر بوو، تەنانەت دزی و تالانی بە ئەندازەی ئێستا شەرماوەر نەبوو، کەچی بەم حاڵەشەوە بەو ڕابردوە پر سکاندالەوە دەیانەوێ دیسان بەوادەو بەڵێن دان، خەڵك تەسلیم بە دانیشتن بکەن و ڕەوانەی ماڵەوەیان بکەنەوە، بەڵام بێ هیچ گومانێك خەڵکی کوردستان فریوی ئەم یاریەو دەستە ئاشکرایە ناخۆن و ئەمە ئیتر هونەرێکی مایەپوچی دەسەڵاتە.

تائەو جێگایەش بەیاننامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، باس لەدیاردەی خۆپیشاندانی نایاسایی و کاری ئاژاوەگێری دەکات، و سەرئەنجام بڕیارێك پەسەند دەکات کە هەر جۆرە خۆپشاندانێك لە کات و شوێنی ڕێپێدراودا نەبێت، قەدەغەیەو لێپێچینەوەی یاسایی!! بەدواوەیە. سکاندالێکی تری دەسەڵاتە، بەڵام ئەم سکاندالە بە قەدەر تەمەنی دەسەڵاتی میلیشیاییانە.

خەڵکی کوردستان، بەر لەدەسەڵاتی یەکێتی وپارتی دەست و پەنجەیان لەگەڵ ڕژێمێك نەرم کردبوو، کەهەر خۆپیشاندانێك خزمەتی بە شۆڕشی 17 تەموزو، سەروەری نیشتمانی و دەسەڵاتی داسەپاوی بەعس و بەرژەوەندیە باڵاکانی نەکردبێت، لەخوێن هەڵکێشراوەو یاساغ بووە، ئێستا دەسەڵاتی میلیشیای یەکیتی و پارتی کەئەم تەجروبەی بەعسیان بە جلی کوردیەوە بەزمانی کوردی یەوە، لەبەرامبەر ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستاندا بەدەستەوە گرتووە، لەوبارەیەوە هەرگیز کورتیان نەهێناوە، ئاخر لەپانزە ساڵی ڕابردودا چ ناڕەزایەتیەکی ڕەوای خەڵکی کوردستان هەبووە بۆنی دژی دەسەڵاتی لێهاتبێت، سەرکوت نەکرابێت و بە ئاژاوەگێری و بەدژی بەرژەوەندیەکانی هەرێم و دەستی دوژمنانی شورش و دەسکەوتەکانی ڕاپەرین و خوێنی شەهیدان، تۆمەتبار نەکرابێت.

وەکام داوای خەڵك بۆ خۆپیشاندان لەدژی دەسەڵات یان لەدژی دیاردەی وەکو بێئاوی، بێ کارەبایی و فەسادی...تاد، هەیە مۆڵەتی پێدرابێت وداواکەرانی توشی هەڕەشە و گرتن نەبوبێتن.

خۆپیشاندان لەدژی تیرۆری ڕەئوف ئاکرەیی، نەزیر عومەر، لەدژی گەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان...... وە ئاکسیۆن بۆ پشتیوانی لەخرۆشانی خەڵکی کوردستانی ئێران لەدژی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی، خۆپیشاندانی یەکێتی بێکاران بۆ دابین کردنی کار و دەیان و سەدان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی تر، تا دەگات بە خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجە ڕانیەو کەلار و ئاکرێ و چەمچەماڵ و سلێمانی و کەرکوك .. کامیان هەیە، بەسەرکوت وەڵام نەدرابێتەوە. وەکام لەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە بووە، پێشتر داوای مۆڵەتی بۆ نەکرابێت و داواکەی ڕەتنەکرابێتەوەو لە جێگای ئەوە خۆپشاندانەکەو شوێنەکەی بە بەقارەمانەکانی ئاسایش و سوپای نیشتمانی!! میلیتاریزە نەکرابێت، ڕابەران و نوێنەرانی خەڵکی و ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە ( کە یەکێتی و پارتی ناویان ناوە دەستێکی لەپشتەوەیە) نەکەوتبێتنە بەر لێزمەی گوللەو سێڵاوی ڕاپێچکرن بۆزیندان و سەرکوت...تاد.

پارتی و یەکێتی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنە نیشتمانیەکەیان بەو بەیانەی کە دەریان کردووە، بەئاشکراتر لەهەمیشە بڕیاری شەڕی دەستەویەخەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ناڕەزایەتیەکانیان داوە.

دەبێ ئەم بڕیاری شەڕی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردە، بەخۆپیشاندانی سەراسەری ترو ڕێکخراوترەوە، بە دروشمی ڕۆشنترو خواستی زیاترەوە، بە خۆجیاکرنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی و پارتی یەوە، لەڕیزەکانیان و پەیوەست بوونیان بەڕیزی خەڵکی حەقخوازەوە، بە ڕاکێشانی پشتیوانی بەرەی ئازادیخوازی دنیا لەهەر شوێنێك هەن، وەڵام وەربگرێتەوە. بێگومان لەو نەبەردە چارەهەڵنەگرەدا هێزی ڕێکخراو و سەراسەری و لێکهەڵپێکراوی خەڵك، سەردەکەوێت.